http://dx.doi.org/10.26750/jru.1008

# ڕەزامەندی پیشەیی لای مامۆستایانی زانکۆی کۆیە و پەیوەندی بە خودکاراییان

م.ی. بەهات عبدالرزاق سعید
زانکۆی کۆیە
فاکەلتی پەروەردە

**پوختەی توێژینەوە:**

وانە وتنەوە لای مامۆستایان پێویستی بە شیاوی و لێهاتوویی تەواو هەیە، کە ئامادەبێت بۆ وانەوتنەوە بۆیە هەر کەم و کوڕی و ئاست لاوازی مامۆستا لە لایەنەکانی پەروەردەیی و دەرونی ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر پرۆسەی وانەوتنەوە.

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە زانینی ئاستی ڕازی بوونی مامۆستایان لە پیشەی خۆیان و ئاستی خودکارایی لایان وە هەروەها پەیوەندی نێوانیان، میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفیە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی هەردوو گۆڕاو، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە سەمپلێك لە مامۆستایانی زانکۆی کۆیە کە ژمارەیان (٥٠) مامۆستا بوو.

لە کۆتاییدا توێژەر گەیشتە ئەو ئامانجەی کە ڕەزامەندی پیشەیی بەڵگەداری ئامارییە و ئاستی خودکارایی بەڵگەداری ئاماری نییە و پەیوەندیەکی زۆر لاواز هەیە لە نێوانیان خودکارایی مامۆستایان و ڕازیبونیان لە پیشەکەیان، هەروەها توێژەر پێشنیار دەکات توێژینەوەیەکی هەمان شێوە بکرێت بە پێی سالانی خزمەت و لەسەر سامپلی زۆرتر و زانکۆکانی تردا.

**بەشی یەکەم:**

**کیشەی تویژینەوەکە**

**گرنگی تویژینەوەکە**

**ئامانجی تویژینەوەکە**

**سنوری تویژینەوەکە**

**پیناسەی زاراوەکان**

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە:**

لە پرۆسەی پەروەردەدا مامۆستا بە کۆڵەگەی سەرەکی فێرکردن دادەندرێت، توێژەر لەمیانەی کارکردنی وەکو مامۆستا هەستی بەوەکرد کەرازی بوون لە پیشەدا راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر فێرکردنو گەیاندنی بابەتەکەی بۆ فێرخوازەکان، مامۆستا پیشەکەی فێرکردنە، توێژەر بەهۆی کاری رۆژانەی لەگەڵ هاوپیشەکانی هەستی کرد مامۆستایان هەندێکیان رازین لە پیشەکەیاندا، لەبەرامبەردا کۆمەڵێك مامۆستا رازی نین لە پیشەکەیانداو شێوازی گەیاندنی زانیاریو فێرکردن لە مامۆستایەکەوە تا مامۆستایەکی تر دەگۆڕێت. هەروەها خود کارایی متمانەو توانای تاکە لە بەدیهێنانی بوارەکانی ژیانو توانای چارەسەرکردنی کێشەکانە کە رووبەروی دەبێتەوە بۆیە هەتاوەکو خودکارایو متمانەی تاك بەرز بێت دەتوانێت بگونجێت لەگەڵ ژینگەداو خۆشی وئارامی وەرگرێ لەجێ بەجێکردنی کارەکەیدا، بۆیە توێژەر هەوڵیدا بزانێت رازی بوون لە پیشەدا پەیوەندی بە خودکاری دەبێت یان نا هەروەهاکۆمەلیك کیشە کەرووبەروی کۆمەلگە بۆتەوە وەك کیشەی ئابوری و کۆمەلایەتی و کەمی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان سەرنجی تویژەری راکیشا کە بزانیت رازیبون لەپیشە هەیە یان نا یاخود ئەو مامۆستایانەی کە خودکارایان بەرز بێت رازین لە پیشەکەیاندا و بەباشترین شێوە ئەنجامی دەدەن، بۆئەم مەبەستە تویژینەوەکی کردو گەیشت بەکۆمەلیك ئەنجام.

**دووەم: گرنگی توێژینەوە:**

ڕەزامەندی پیشەیی دادەندرێت بەیەکێك لەبابەتە گرینگەکان کە زانایانی بواری دەرونزانی باسی لێوەدەکەن، چونکە تاکە کەس بەشێکی زۆری ژیانی لەکارەکەیدا دەبێتو کارکردنو پیشە رۆڵێکی سەرەکی هەیە لە ژیانی تایبەتیو پیشەیی هەروەها چەند بۆچونێك هەیە کە رازیبوون لە پیشەدا وادەکات دەستکەوتی زیاتر لە بەرهەمی فێرکردن هەبێت، ئەگەر مامۆستا هەبێت لە پیشەکەیداو ئەنجامی بدات بەباشی ئەوا پرۆسەی فێرکردن بەرهەمی کۆمەڵێك فێرخوازی باش دێنێتە کایەوە (سعد،٢٠١٢، ١١).

ئامانج لە ئیشکردنو پیشەدا بۆ تاکە کەس بۆ بەدەست هێنانی ئاستەکی بەرز لە پیشەکەدا رازیبونێکی بەرز لە کارکردندا، کەواتە رازیبونی پیشەیی نمرەیەکە تاکەس هەستی پێدەکات هەستێکی ئەرێنیە یان نەرێنیە بەرامبەر لایەنە جیاوازەکانی ئەو کارەی ئەنجامی دەدات یاخود هەستێکی ناوەکی تاکەکەسە کە هەست بە خۆشیو ئارامی دەکات لە لە ئەنجامی دابین پێداوستیەکانیو حەزو ئارەزوەکانی لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکەی لە شوێنی کارکردندا ئەو بنەما گرینگانەی کە کاریگەری دەبێت لەسەر رازیبونی پیشەیی لای تاکەکەس ئەمانەن(رازی بوون لەشوێنی کاردا، رازی بون لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەل دەوروبەر، رازیبون لەوکارەی ئەنجامی دەدات)(العکس و الحسین ٢٠٠٨،).


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

خودكارايی لەپێكهاتەيەكی گرينگی تيوری زانينی كۆمەلأيەتی دەژمێردرێت بەپێيی تێڕوانينەكە بۆ خودكارايی بە پێيی تێروانينەكە بۆ خودكارايی رەفتارو ململانێی تاكەكەس لە خۆ دەگرێتو صشت دەبەستێت بەتواناو رۆڵی تاكەكەس بۆچونەكانی كە پەيوەستە بە رەفتارەكانی ئاستی سەركەوتنو زاڵبونی بەسەر ئەو كێشەو گرفتانەی كە لە دەوروبەريدا رووبەروی دەبێتەوە خودكارايی پەيوەست نيە بە خەسڵەتێك لەخەسڵەتەكانی كەسايەتی بەڵكو پەيوەستە بە رەفتارێكی ديارێكراو هەبونی خودكارای بەرز لەتاكدا وادەكات تاكەكە خوی بگونجێنێت بەدەستهێنانی ئامانجی بەرز بێنێتە دی (خليل ٢٠١١ لا٣٩٢).

بە بۆچونی توێژەر خودكارايی واتا تواناو متمانەی تاك بەخۆی كاتێك تاك بۆچونی وابوو كەتوانای هەيە ئەو كارە ئەنجام بدات دەتوانێت بەباشی ئەو كارە ئەنجام بدات خودكارايی واتا توانای تاك لە رووبەرو بونەوەی كێشەو گرفتەكانی ژيان و زاڵ بون بەسەرياندا گونجاندن لەگەڵ ژينگەی دەوروبەردا. توێژەی پێی وايە رازيبوون لە پيشەدا گرينگی تايبەتی هەيە چونكە لە ژينگەی كاركردندا رازی بونی پيشە كاريگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر مامۆستاو جێبەجێكردنی ئەركە پەروەردەيەكانی.

**سييەم: ئامانجی توێژينەوە:**

١- زانينی ئاستی ڕازی بوونی مامۆستايان لە پيشەی خۆيان
٢- زانينی ئاستی خودكارايی لای مامۆستايانی زانكۆی كۆيە
٣- زانينی پەيوەندی نێوان ڕەزامەندی پيشەيی و خودكارايی لای مامۆستايانی زانكۆی كۆيە.

**چوارەم: سنووری توێژينەوە:**

بواری مرۆيی: نموونەی توێژينەوەكە مامۆستايانی فاكەڵتی پەروەردەو فاكەڵتی زانستە مرۆڤايەتی و كۆمەلايەتيەكان لە زانكۆی كۆيە

بواری كات: ساڵی خوێندنی ٢٠١٥ – ٢٠١٦

بواری شوێنی: فاكەڵتی پەروەردەو زانستە مرۆڤايەتييەكان لە زانكۆی كۆيە

**پينجەم: پێناسەی زاراوەكان:**

١- ڕەزامەندی پيشەيی

بريتيە لە ئاراستەيەكی ئەرێنی رووەو ئەو پيشەيەی كە تاكەكەس ئەنجامی دەدات هەست بە رازيبونی دەكات لە روانگەی گشت لايەنەكانی كۆمەلأيەتیو كارگێری و ئابوری كە پەيوەستە بە پيشەكەی(الشريده ،٢٠٠٢ل١٣)

٢- خودكارايی:

باوەربوون بەتايبەتمەندی توانای تاك لەسەر بەجێهێنانی رەفتار كە پێويستە بۆ ئەنجامدانی پێشبينی كراو هەنگاو بنێت (ابو جادو ٢٠٠٠لا ٦٦).

**٣-ڕێكاری ڕەزامەندی پيشەيی لای توێژەر:**

بريتيە لە كۆی نمرەی پێوەری رەزامەندی پيشەيی كە توێژەر وەريگرتوون لەكاتی ئەنجامدانی توێژينەوەكەی.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤- **ڕێکاری خودکارایی لای توێژەر :**
بریتیە لە کۆی نمرەکانی مامۆستایان دوای وەلام دانەوەیان لەسەر بڕگەکانی پێوەری خودکارایی کە تویژەر بەدەستی هێناوە.

٥- **ڕێکاری مامۆستایانی زانکۆ لای تویژەر:** بریتیە لە کۆی گشتی مامۆستایانی کە دابەش بوون بەسەر بەشەکانی فاکەڵتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە وەبەردەوامن لە پیشەکەیانداو ئەو توێژینەوەیان لەسەر ئەنجامدرا.

**بەشی دووەم: ( چوارچیوەی تیۆری توێژینەوەکە و تویژینەوەکانی پیشوو)**

**بیردۆزەکانی رازیبوونی پیشەیی**

ئەم بیردۆزە بەیەکێ لەناوادارترین بیردۆزانەیە کەبەشداری لەبواری زانستی رەفتاری کردووە بەلکوناوادارترین بیردۆزە کە وتوویژی لەبابەتی پالنەرەکان کردووە، لەراستیدا زۆر بیردۆزی جیاوازهەن باس لەپیداویستیەکانی دەکات ، بەلام ئەم بیردۆزە لەلایەن ابراهم ماسلۆ ١٩٤٣ پیشکەشی کردووە، بیردۆزەکە لەوباوەڕەدایە کەمرۆڤ بونەوەریکی کۆمەلایەتییەو پشت بەوپیداویستیانە دەبەستێ کە هەیەتی و تیروپرنەکراون کە ئەمەش کاریگەری لەسەر رەفتاری تاك دەبیت، ماسلۆ تیگەیەکی گشتی لەبارەی پالنەرەکانی تایبەتی دەروونی مرۆیی داوە کە یارمەتی ئەوەی داوە کەبەشیوەیەکی گشتگر سەرنج بۆشیکردنەوەی رەفتاری تاك بدرێ ، ئەمەش وای لەهەندی تویژەران کرد کەبیردۆزەکەی لەوروانگەیەوە بۆ لیکۆلینەوەی رازیبوونی پیشەیی بەکاربینن.(عەباس، ١٩٩٩،١٧٠).

کەواتە رەزامەندی پیشەیی بریتیە لە ئاراستەیەکی ئەرینی بەرامبەر ئەوکارەی کە تاك جیبەجیدەکات لەکارەکەیدا.یاخود ڕازیبوونی پیشەیی پێکهاتووە لە پلەی هەستی تاك لە ئاستی تێروپڕکردنی ئەو پێداویستیانەی لەپیشەکەی مەیلی تێروپڕکردنیان هەیەکاتی بەجێهێنانی ئیش وکاری دیاریکراو.(زاید،٢٠٠٥ ص٥٥).

بۆیە دەکرێ بگوترێ ڕازیبوونی پیشەیی ئەم خالانەی خوارەوە دەگرێتەوە:-

١- باری ئارامی و رازیبوون لە تێروپڕکردنی ئەو پێداویستی و ئارەزوومەندیانەی لە پیشەو ژینگەی کارەکەیدا دێتە ئاراوە.

٢- کاردانەوەی ئەرێنی بە ئاستی بەدیهێنانی (الوظیفه – پیشە) بۆ ئامانج و مەبەستەکانی تاك.

٣- ڕازیبوونی پیشەیی، کە بە شێوەیەکی گشتی بە کاری نموونەیی ناوەوەی ژیانی وەزیفی پەیوەست دەبێ.

٤- رازیبوونی پیشەیی بریارو زانینی کەسییە بەرامبەر گۆڕانی بارودۆخی دیاریکراو، کە دواتر تا رادەیەك کاریگەری بەسەریەوە دەبێ. (جاد. ٢٠٠٨ ص٦٧)

بەوەش مەبەست لە رازیبوونی پیشەیی، باری کەسی کارمەندە لە ئاستی ڕەنگدانەوەی رازیبوون و قەناعەتی لە هۆکارەکانی پیشەیی، کە بە ژینگەی کارەکەیەوە دەوری داوە.

رازیبوونی پیشەیی بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بگوترێ هوردەی ئەو توخمانەی خوارەوەیە:-


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١- ڕازیبوون بە پیشە ٢- رازیبوون بە پەیوەندییەکانی کار ٣- ڕازیبوون بە ئاوەلانی هاوپیشە ٤- ڕازیبوون بە ژینگەی کار ٥- رازیبوون بە سەرانی کار ٦- رازیبوون بە شێوازەکانی ئاراستەکردن و سەرپەرشتی کردن. (عبدالخالق، ١٩٨٦، ص٧)

**هۆکارەکانی ڕەزامەندی پیشەیی بریتین لەمانەی خوارەوە:-**

١- هۆکاری خودی کەپەیوەندی بەتواناو لیهاتووی تاك هەیە.

٢- هۆکاری کار ئەمەش پەیوەندی بە مەرجەکانی کارکردن وشوینی کارکردن هەیە.

٣- هۆکاری ژینگەیی کەپەیوەندی بە ژینگەی دەوروبەروکاریگەریەکانی لەسەر ژینگەدا دەگریتەوە.(عبدالخالق،١٩٨٦، ٧٥)

**خودکارایی:**

بیردۆزی خودکارایی ئەلبیرت باندۆرا: باندۆرا ١٩٨٦ ئاماژە بەنوسینی بنچینەکانی بیرکردنەوەو بەجیهینان دەکا، کەبیردۆزی خودکارایی لەبیردۆزی زانیاری کۆمەلایەتی وەرگیراوە کەبنەماکانی تیا داناو جەختیشی لەسەرکردووە کەبەجیهینانی مرۆیی دەکری لەریگای دیمانەوهۆکارە جیاجیاکانی وەك زانین و کەسایەتی وژینگە روون بکریتەوە وەك لەم بیردۆزە گریمانەییانەی خوارەوە

١- زۆربەی رەفتارە خودیەکان ئامانجیکی دیاریکراوی هەیەکەلەریگای توانای بیرکردنەوەی ئایندەیی ئاراستەکراوە وەك پیشبینی کەبەشیوەیەکی زۆر پشت بەتوانای کارکردن دەبەستی

٢- تاکەکان توانای لیکدانەوەی هزرو هەلسەنگاندنی بیروکارامەیی خودییان هەیە ئەو توانایە ریگاخۆش دەکەن بۆ بریاردانی هزری لەسەر هەموو بیرو رەفتارەکان

٣- تاکەکان توانای کارکردنیان هەیە لەریگای پیشبینی کردنی ئەنجامەکانیان و پەرەپیدانی کۆمەلیك نویکاری لەکارەکان و تاقیکردنەوەی گریمانەییان(bandora1997,137)

**تایبەتمەندیەکانی خودکارایی :**

١- متمانەی تاك لەسەرکەوتنی ئەو کارەی بەجێی دەهێنێ

٢- پێشبینی تاك لەبەجێهێنان لە ئایندەدا

٣- خودکارایی لە نێوان ئاوێتەبوونی تاك لەناو ژینگەو تاکەکانی پێ دەگا. هەروەها لە مەشق و راهێنان و وەرگرتنی پسپۆریەتی جۆراوجۆرە.

٤- هەبوونی هەندێ لە تواناکانی فسیۆلۆجی، هۆشەکی، یا دەروونی وە هەبوونی هەندێ پاڵنەر لە هەلۆێستەکاندا.

٥- خودکارایی تەنها زانین، یا پێشبینی کردن نیەو بەس، بەلکو پێویستە وەرگێڕی گوزارشت و ڕەنگدانەوەی هەوڵدان و کۆشش و بەدەستهێنانی ئەنجامی گونجاو ویسترۆاو تیایدا. Bobcat and cyathig (, 1994, p64)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**جۆرەکانی خودکرایی**

١- خودکارایی گشتی: واتە بۆچونەکانی تاك لەسەر تواناولیهاتوییەکانی ئاستی فیربوونی لەبواریکدا یاخود بۆ چونی تاکە لەسەرتواناکانی لەجیبەجیکردنی کرداریك لەئاستیکی دیاریکراودا

٢- خودکارایی تایبەتی: مەبەست لەوجۆرەدا واتا توانای تاك لەئەنجامدانی شتیکی دیاریکراودا بۆ نموونە(زیرەکی لە بیرکاریدا- زانینی شیوازی هەندسی)

٣- خودکارایی کۆمەلی: واتا ئەنجامدانی کاریکی بەکۆمەل مەبەست لەوە کۆمەلیك تاك متمانەیان بەتواناکانیان هەیە وهەموویان هەولدەدەن بۆ ئەنجامدانی کاریك بەکۆمەلی بۆگەیشتن بەوئاستەی کەداوایان لیکراوە

٤- خودکارایی ئەکادیمی: مەبەست هەستکردنی تاك لەتواناکانی بۆبەجیهینانی کرداریکی ئەکادیمی لەئاستیکی بەرزدا، واتە ئاست و توانای تاکە لەجۆراوجۆری بابەتەئەکادیمیەکان لەخویندندا.(ابوجادو،٢٠٠٠، ٢٥)

تویژەر بۆچوونی وایە خودکارایی توانای تاکە بۆبەدەستهینانی ئانانجەکان وتاچەند تاکە کەس دەتوانیت زالبیت بەسەر کیشەوگرفتەکانی و بگونجیت لەگەل ژینگەی دەوروبەری، هەروەها تاکە کەس نەتوانیت بکونجی لەگەل ژینگەی دەوروبەرو بی هیوابوو ئەوا خودکارایی نزمە بەلام بەپیچەوانەوە کاتیك خودکارایی تاك بەرزبیت ئەوا تونای گونجاندنی دەبیت لەگەل ژینگەی دەوروبەرو روبەروی کیشەکانی ژیانی دەبیتەوەو چارەسەری دەکات.

**تویژینەوەکانی پیشوو:-**

- تویژینەوەی (جواد و عزیزە ٢٠٠٨-)(ڕەزامەندی پیشەیی وپەیوەندی بەهەندی لەگۆراوە دیموگرافیەکان لای مامۆستایان) ئامانجی ئەم تویژینەوەیە زانینی پەیوەندی نیوان رەزامەندی پیشەیی وهەندی لەگۆراوە دیموگرافیەکان(رەگەز- سالانی خزمەت- بابەتی خویندن) نموونەی تویژینەوەکە بریتیبوو لە ٣٦٠ مامۆستا دوای ئەنجامدانی تویژینەوەکەو وەرگرتنەوەی فۆرمەکە و بەکارهینانی هەگبەی ئاماری تویژەر گەیشت بەو ئەنجامە بوونی بەلگەداری ئاماری لەرەزامەندی پیشەیی و نەبوونی بەلگەداری ئاماری لەبابەتی خویندن و دەرچوو کەسالانی خزمەت هیچ کاریگەریەکی نیە.

- تویژینەوەی (جولتان حسن ٢٠١٣- )(خودکارایی وپەیوەندی بە گونجاندنی کاکردن لای مامۆستایانی خویندنگای حکومی) ئامانجی تویژینەوەکە زانینی ئاستی خودکارایی لای مامۆستایان و زانینی ئاستی گونجاندنی کارکردن لای مامۆستایانی قوتابخانەی حکومی هەروەها زانینی پەیوەندی نیوان خودکارایی و گونجاندنی کارکردن نموونەی تویژینەوەکە بریتیبوون لە ٤٥ مامۆستا تویژەر فۆرمی پیوانەی خودکارایی دابەشکردو دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکەو بەکارهینانی بەرنامەی هەگبەی ئاماری تویژەر گەیشت بەو ئەنجامانە ئاستی خودکارایی لای مامۆستایان لەئاستیکی بەرزبوو بەلام ئاستی گونجاندنی کارکردن لەئاستیکی کەمتربوو هەروەها بوونی بەلگەداری ئاماری لەنیوان خودکارایی و گونجاندنی کارکردن لای مامۆستایان


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**بەشی سێیەم**

**کردارەکانی جێ بەجیکردنی توێژینەوەکە**

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە**

**دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

**سێیەم: نموونەی توێژینەوەکە**

**چوارەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە**

**بەشی سێیەم**

**هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە**

- **میتۆدی توێژینەوەکە**

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی پەیوەندیدارە کە یەکێکە لە بەربلاوترین جۆرەکانی میتۆدی توێژینەوە بە کۆمەڵەی دیاری کراو زۆربەی توێژەر بەکاریدەهێنن بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو یان زیاتر لە توێژینەوەکەیاندا.

- **کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم مامۆستایانی خاوەن بڕوانامەی ( ماستەر و دکتۆرا ) لە زانکۆی کۆیە لە فاکەلتی و بەشە جیاجیاکانی زانکۆی کۆیە وانە دەڵێنەوە کە ژمارەیان (٤٣٦).

- **نموونەی توێژینەوەکە**

سامپلی توێژینەوەکە پێك هاتووە لە ( ٥٠ ) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە فاکەلتی پەروەردە کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردراون.

**یەکەم :- پێوەری خودکارایی**

توێژەر پشتی بەست بە پێوەری خودکارایی ئامادەکراو لە لایەن ( دالیا هاشم ، ٢٠١٢) کە ئەم پێوەرە پێك هاتبوو لە ( ٤٥ ) بڕگە بە زمانی کوردی و ، لەبەردەم هەر بڕگەیەکیش (٥) بژاردە هەیە کە ئەویش ئەمانەن ( هەموو کات ، زۆربەی جار ، هەندێ جار ، کەم جار ،بە دەگمەن) دواتر توێژەر هەستا بە وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی شارەزایان لەم بوارەدا بۆ وەرگرتنی بۆچوون و تێبینیەکانیان بۆ گونجاندنی پێوەرەکە لەگەلا کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی، پاشان هەستا بە جێبەجێکردنی پێوەرەکە لەسەر سامپلی توێژینەوەکەی وە گشت ڕێکارە ئامارییەکانی لە خۆ گرتووە.


p-ISSN (2410-1036) e-ISSN (2522-7130)

- **ئەزمونی سەرەتایی پێوەری خودکارایی**

بۆ دڵنیا بوون لە بابەتیانە و ڕوون بوونی پرسیارەکانی توێژینەوەکە لە فۆڕمی ڕاپرسیەکە و دووركەوتنەوەیان لە بێزاری و ئاسانکاری شێوازی وەلامدانەوەیان، وەك کارێکی پێش وەخت توێژەر فۆڕمی ڕاپرسیەکانی دابەش کرد بەسەر (١٢) مامۆستادا لە دەرەوەی سنوری سامپلی کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە (10/٤/ ٢٠١٦) سەرئەنجام پاش وەرگرتنەوەی وەلامەکان دەرکەوت کە بڕگەکان ڕوون و زانراون و وەلامدانەوەیان ئاسانە.

**جیگری پیوەری خودکارایی :-** پیوەریك بەجیگری وەسف دەکریت،کاتیك هەمان ئەنجام لەکاتی دووبارە جیبەجیکردنەوەی هەمان تاقیکردنەوە لەسەرتاکەکان بەدەستبهینیتەوە.(الخطیب و الخطیب،٢٠١١، ٤٩) تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی لەسەر نموونەیەك مامۆستا کەژمارەیان(٣٠) مامۆستابوو لەبەرواری (١٧-٤-٢٠١٦ )ئەنجامدرا دوای وەرگرتنەوەی وەلامەکان پشت بەستن بەریگای الفاکرۆنباغ دەرکەوت جیگیری پیوەرەکە(٨٢٪) بوو کەبەجیگیریەکی بەرز دادەنریت.

**جێبەجێکردنی کۆتایی پێوەری خودکارایی:**

دوای دیاریکردنی سامپلی توێژینەوەکە توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی پێوەرەکە بەسەر سامپلی توێژینەوەکە لە بەرواری (2/ ٦ / ٢٠١٦ ) کە پێکهاتبوو لە مامۆستایانی فاکەلتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە.

**دووەم: پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی:**

توێژەر پشتی بە پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی لە لایەن ( الشاجعی ، ١٩٩٦ ) بەست کە ئەم پێوەرە پێکهاتبوو لە ٦٠ بڕگە بە زمانی عەرەبی و لەبەر دەم هەر بڕگەیەکیش ( ٥ ) بژاردە هەیە کە ئەویش ( هیچ کات نامەوێ ، نازانم ، ناڕازیم ، ڕازیم ، زۆر ڕازیم ) پاشان توێژەر کاری کرد بە دووبارە ئامادەکردنەوەی پێوەرەکە و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی پاشان دەرهێنانی ڕاستگۆیی زمانەوانی، توێژەر هەستا بە وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی شارەزایان لەم بوارەدا بۆ وەرگرتنی تێبینیەکان بۆ گونجاندنی پێوەرەکە لەگەلا کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لە دوای دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و جێگیریەتی توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی پێوەرەکە لەسەر نموونەی توێژینەوەکە.

★ **ڕاستگۆیی زمانەوانی پێوەرەکە ( ڕاستگۆیی وەرگێڕان )**

توێژەر هەستا بە وەرگێڕانی بڕگەکانی پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی لە زمانی عەرەبی بۆ سەر زمانی کوردی دوا بە دوای ڕێکخستنی بڕگە وەرگێڕدراوەکان لەگەلا ناوەڕۆکە عەرەبییەکەی ، خرایە بەردەست پسپۆڕان و شارەزایان بۆ دڵنیابوون لە دروستی (صلاحیە) بڕگە وەرگێڕدراوەکان، دوای وەرگرتنی ڕاو وبۆچوونی شارەزایانی و چاککردن و داڕشتنەوەی هەندێك لە بڕگەکان بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ڕاستگۆیی وەرگێڕان وێنەی وەرگێردراوەکە خرایە بەردەست شارەزایەکی زمانەوانی تر بەمەبەستی گەڕانەوە و وەرگەڕاندنی بۆ زمانی عەرەبی دوای دڵنیا بوون لە ئاستی گونجاندنی ناوەڕۆکەکان (ڕەسەن و وەرگێردراو) بۆ هەردوو شێوەکەی پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی توێژەر دڵنیابۆوە لە ڕاستگۆیی وەرگێڕان و دروستی بڕگەکانی پێوانەکە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

★باسکردنی پێوەرەکە: دوا بە دوای ڕێکخستنی بڕگەکان توێژەر بۆی دەرکەوت پێوەرەکە پێکهاتووە لە (٥٠) بڕگە.

**★ڕاستگۆیی ڕواڵەتی**

لە پێناو سەلماندنی ڕاستگۆیی و دروستی ئامرازەکە توێژەر هەستا بە وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی شارەزایان بۆ پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی لەسەر ئەوەی تا چەند ڕوون و گونجاندن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە لە سەرەتا پێوەرەکەی خستە بەر دەست هەندێك لە پسپۆڕان کە ناویان هاتووە توێژەر پشتی بەست بەڕێژەی (٨٥٪) کۆی دەنگی نێوان هەڵسەنگێندران بۆ گونجاوی بڕگەکان دوای وەرگرتنی ڕاوبۆچونی پسپۆڕان بۆ گۆڕینی هەندێك وشە و چاککردنی هەندێك بڕگە لە ڕووی ناوەڕۆك و زمانەوانیەوە و لابردنی چەند بڕگەیەك لە کۆی (٦٠) بڕگە تەنها (٥٠) بڕگە مایەوە کە (١٠) بڕگە لادرا بەمەش کۆتایی بە ئامادەکردنی پێوەرەکە هات پاش هەلهینجانی برگەکان لەلایەن شارەزایانەوە.

**★دانانی بژاردە بەرامبەر هەر بڕگەیەك:**

توێژەر بژاردەی ( هیچ کات ڕازی نیم، ناڕازیم ، نازانم ، ڕازیم ، زۆر ڕازیم ) لەگەلا دانانی نرخی هەر بژاردەیەك کە پێکهاتبوون لە ( ١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ) بە ریزبەندی بۆ هەر بژاردەیەك وە بۆ بڕگە نەرێییەکان بە پێچەوانەوە ( ٥ ، ٤ ، ٣ ، ٢ ، ١ ) بەمەش بەرزترین نمرە کە مامۆستا بەدەست بهێنێت لە پێوەرەکە (٢٥٠) وە کەمترین ( ٥٠ ) نمرە.

**★جێگری پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی**

جێگری، بریتییە لە نەبوونی هەڵەی هەرەمەکی لە تاقیکردنەوەیەك واتا وردیەتی و ڕێکوپێکی پێوەرەکە لە پێوانەکردن دەگرێتەوە ( علی، ٢٠١١، ١٣٤) پاش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی سەرەتایی لەسەر نموونەیەك کە ژمارەیان (٢٨ ) مامۆستا بوو لە بەرواری (٢٠١٦/٤/١٧) دوای وەرگرتنی وەلامەکان بە پشت بەستن بە ڕێگای ( الفاکرۆنباغ) دەرکەوت کە جێگری پێوەرەکە (٨٠٪) کە ئەمە جێگریەکی بەرزە.

**★ئەزموونی سەرەتایی پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی:**

بۆ دڵنیابوون لە ڕوونی پرسیارەکانی توێژینەوەکە لە فۆڕمی ڕاپرسیەکە و دوورکەوتنەوە لە بێزاری، وەکو کارێکی پێش وەختە توێژەر هەستا بە دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسیەکە بەسەر ( ٨ ) مامۆستادا لە دەرەوەی سنوری نموونەی توێژینەوەکە لە بەرواری (٢٠١٦/٥/١٨) دوای وەرگرتنەوەی وەلامەکان دەرکەوت کە بڕگەکان ڕوون و زانراون و وەلامدانەوەیان ئاسانە.

**★جێبەجێکردنی کۆتایی پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی:**

دوای دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی پێوەرەکەبەسەر نموونەی توێژینەوەکە لە بەرواری (٢٠١٦/٦/٢) کە پێکهاتووە لە مامستایانی فاکەلتی پەروەردە.

★ئامرازە ئاماریەکان

★هاوپەیوەندی بیرستۆن

★ t.test یەك گروپی هاوشێوە

★ هەگبەی ئاماری spss

**بەشی چوارەم**

**خستنەڕووی ئەنجامەکان**

**شرۆڤەی ئەنجامەکان**

**١.خستنە ڕووی ئەنجامەکان:**

**★خستنەڕووی ڕازیبوونی پیشەیی لە لایەن مامۆستان سەبارەت بە ئامانجی یەکەم**

**خشتەی ژمارە (١)**

t.test one

| پێوانە | سامپل | تێکڕا | الانحراف معیاری لادانی پێوەری | درجه حریه نمرەی ئازاد | بەهای تائی قیمة التاء المحسوبة | بەڵگەداری ئاماری | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕازیبونی پیشەیی | ٥٠ | ١٥٨,٩٦ | ٢٦,٧٧ | ٤٩ | ٢,٣٦ | ٠,٠٢٢ | ٠,٠٥ |

ئەنجام: سەبارەت بە ئامانجی یەکەم ( زانینی ئاستی ڕازی بوونی مامۆستایان لە پیشەی خۆیان) دەرکەوت کە بەڵگەداری ئامارییە ( ٠,٠٢٢ ) کە ئەمەش ڕازیبونی پیشە لەسەروی ناوەندەوەیە.

**خشتەی ژمارە (٢)**

| پێوانە | سامپل | تێکڕا | لادانی پێوەری | درجة الحرية | بەهای تائی قیمة التاء المحسوبة | بەڵگەداری ئاماری | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خودکارایی | ٥٠ | ٧١,٩٤ | ١٢,٧٦ | ٤٩ | ١,٠٠٥ | ٠,٠٠٦ | ٠,٠٥ |

★سەبارەت بە ئامانجی دووەم ( زانینی ئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی زانکۆی کۆیە) دەرکەوت کە بەڵگەداری ئاماری نییە و لە خوارووی ناوەندەوەیە واتە مامۆسایان خودکاراییان کەمە.

ئامانجی سێ یەم: زانینی پەیوەندی نێوان ڕەزامەندی پیشەیی و خودکارایی لای مامۆستایان


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خشتەی ژمارە (٣)

| لادانی پێوەری | سامپل | تێکڕا | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەندی پیرسۆن | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| خودکارایی | ٥٠ | ١٥٨,٩٦ | ٣٦,٧٧ | ٠,٩٦ | ٠,٠٥ |
| خودکارایی | ٥٠ | ٧١,٩٤ | ١٢,٧٦ | | |

ئەنجام دەرکەوت کە پەیوەندیەکی زۆر لاوازی پێچەوانە هەیە لە نێوان ڕازیبونی پیشەیی و خودکارایی لای مامۆستایان.

**بەشی چوارەم**

**١. شرۆڤەکردنی ئەنجامەکان**

لە خشتەی ژمارە (١) کە پەیوەستە بە ئاستی ڕازی بوونی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە کە پیشەی خۆیان وەك لە خستنە ڕووی ئەنجامەکان دەرکەوتووە کە ڕازیبونێکی ئاست مام ناوەندی هەیە.

لێرەدا توێژەر ئەوەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی ئەو تەوەرانەی کە بڕگەکانی پێوانەکە تیایدا هەبووە کاریگەری هەبووە لە هەردوو ئاستی بەرز و نزمی ڕازی بوونەوە کە لێرەدا کات و ساتی ئەنجام دانی توێژینەوەکە هۆکارێکی سەرەکی بێت بۆ ئەم ئەنجامە لەبەرئەوەی بارودۆخی خوێندنی زانکۆ لەم سالانەی پێشوودا کاریگەری کردوە لەسەر ڕازی بوونی مامۆستایان بە گشتی کە ڕازی بوون هەبووە. لە پیشەی مامۆستایی بەلام لەم دواییەدا ئاستی ڕازی بوون بەرەو نزمی ڕۆشتوە لەبەر هۆکارەکانی ( بارودۆخی کارکردن ، دڵنیا نەبوون لە پیشە ، موچە و دەرماڵە ، بەڕێوەبردن ، پەیوەندیەکان ، لە نێوان ستافی زانکۆیی بە گشتی ، گەشەی پیشە و ئاستی بەرزکردنەوەی تواناکان) لێرەدا دەردەکەوێ کە مامۆستا تا چەند ڕازیە بە پیشەکەی ئەوەندە کاردانەوەی ئەرێنی دەبێت. وە ئەم وتەی توێژەر هاوڕایە لەگەلا ( کاتزل Katzell ) کە دەڵێن ئاستی ڕازی بوون ئەوە دەنوێنێت کە جیاوازی نێوان ئەوەی کە تاك بە دەستی دەهێنێت و ئەوەی هەوڵی بە دەست هێنانی دەدات.( الصیرفی، ٢٠٠٧، ل٤٥)

وە هەروەها ( عاشور ) دەڵێن ئەوەی کە تاك بە دەستی دەهێنێت زیاترە لەوەی کە چاوەڕوانی دەکات زیاتر ئارەزو و ڕازی بوونی دەبێت کە زۆربەی ئەدەبیاتی ڕەفتاری ڕێکخستنی بۆ ڕازی بوونی پیشەیی ئاماژە بەوە دەکەن کە هەست کردنی تاك بە ئاسودەیی و دلا خۆشی بەرامبەر بە کارەکەی و شوێنی کارکردنی. (عاشور، ١٩٨٣، ل٥٣)

**٢. شرۆڤەی ئەنجامی خودکارایی**

لە خشتەی ژمارە (٢) کە پەیوەستە بە ئاستی خودکاری لای مامۆستایانی زانکۆی کۆیە بە پێی ئەنجامەکان دەرکەوتووە کە بەڵگەداری ئاماری نیە و لە خواروی مام ناوەندیە، بۆ توێژەر ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودکاری بڕیاردانێکی ( حکم ) خودیە کە تاك لە تواناکانی بەدی دەکات کە بەرگەی پاڵەپەستۆ و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان و ئاستەنگیان بێت وە چۆنیەتی بەر پەرچ دانەوەیان لە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پێناو بوونی ئامانجی دیاری کراو لە ژیاندا، توێژەر ئەوە دیاری دەکەن کە باسکردنی خودکارایی تێگەیشتنێکی دەروونیە بۆ ئەوەی بتوانرێت زاڵ ببن بەسەر کەم و کوڕی و ئاستەنگەکان پێویستی بە گەشەیەکی تەندروستی هەیە، بارودۆخی وانە وتنەوەی زانکۆ لەم ساتەدا هۆکارێکە کە خودکاری لە ئاستی نزمدایە کە پڕە لە کەم و کوڕی و کاریگەری دەرونی دروست کردووە بۆ مامۆستایانی زانکۆ لەبەر ئەو هەر کاتێك کەش و بارودۆخی زانکۆ لەبەر نەبێت خودکارایی بەرەونزمی دەڕوات، کە کار دەکاتە لایەنی دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی لە بڕیارەکان و تواناکانی کە ئەمەش هاوڕایە لەگەلا هاشم ژینگەی گونجاو هۆکارێکە بۆ سەرکەوتن لە بەدەستهێنانی ئەنجام بەرز کاتێك خودکاریی نزم بێت، کە ژینگەکەش نەگونجاو بێت ئەو کەسەی تووشی نائومێدی و خەمۆکی دەبێت وا هەست دەکات کە کەسانی دەوروبەری سەرکەوتوون لە کارە گرانەکان ( دالیا هاشم،٢٠١٤ لا٤٣ ).

توێژەر ئاماژە بەوەش دەکات کە زۆربەی مامۆستایان تووشی دڵەڕاوکێ دەبن لە کاتی بوونی کاریگەریەکی دەرەکی لەسەر پرۆسەی مامۆستایەتی وە ناتوانرێت زالا بێت بەسەر خۆیدا و خودکارایی بەرەو ئاستی مام ناوەند و نزم دەچێت، ئەمەش هاوڕایە لەگەڵ Baumeister

کە دەڵێت: باندورا وای دەبینێت کە خودکارایی ئەوە دەست نیشان دەکات بۆ ئەو کار و چالاکیانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە بە مەبەستی کەم کردنەوەی دڵەڕاوکێ کە بەندە بە چالاکیەکانەوە.
( Baumeister ، ١٩٩٣)

٣. شرۆڤەکردنی پەیوەندی نێوان ڕەزامەندی نێوان ڕەزامەندی پیشەیی و خودکاری

ئاماژە بە خشتەی ژمارە (٣) بە پێی ئەنجامەکان پەیوەندیەکی لاواز و پێچەوانە دەرکەوتوە لە نێوان گۆڕاوەکان بۆ توێژەر ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ئەنجامی خشتەی ژمارە (١ ، ٢) کە خودکاری نزم بوو لە لایەك و ڕەزامەندی پیشەیی مام ناوەندی بووە واتە ئەو بارودۆخەی کە کاتی ئەنجام دانی توێژینەوە هۆکارێکە بۆ نەبوونی پەیوەندی لەبەر ئەوەی کاتێك لە ئاستی خودکارایی مامۆستا ئامادە نەبێت بۆ پرۆسەی وانەبێژی وە لە لایەکی تر ڕازی بوونی پیشە تا ئاستێك ڕازی بوونی تیادا بەدی کراوە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی پێنجەم

**★دەرئەنجام:**

١. ڕەزامەندی پیشەیی بەڵگەداری ئامارییە و ئاستێکی بەرزی هەیە.
٢. ئاستی خودکارایی مامۆستایان بەڵگەداری ئاماری نیە.
٣. پەیوەندیەکی زۆر لاواز هەیە لە نێوان خودکارایی مامۆستایان لەگەلا ڕازیبونیان لە پیشەکەیان.

**★ڕاسپاردەکان**

١. هەولدان بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو ولەبار بۆ خویندن وفێرکردن بۆئەوەی مامۆستا بتوانیت بەباشی پرۆسەی فێرکردن ئەنجام بدات.
٢. هەولدان بۆ نەهیشتنی کەم و کوریەکان و دابینکردنی ئامرازەکانی فێرکاری و بوونی گشت پەرتوکیك لەهەموو بوارەکان بۆئەوەی ئاستی خویندن لەئاستی خویندنی زانکۆییدابیت و مامۆستا بتوانیت بەخودکاراییەکی بەرزەوە پرۆسەی فێرکردن بەریوەببات.

**★پێشنیارەکان:**

١. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە وەك ئەم توێژینەوەیە بە پێی سالانی خزمەت و تەمەن ورەگەز و پلەی زانستی.
٢. توێژینەوەیەکی هاوشێوە بکرێت لەسەر نموونەیەکی زیاترکەگشت فاکەلتیەکانی تیدابیت و زانکۆکان هەمووبگریتەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**سەرچاوەکان.**

١. ابوجادو،صالح محمد على(٢٠٠٠)علم النفس التربوى، دارالمسيرةللنشروالتوزيع وطباعة –عمان الاردن.

٢. جاد، سعيد محمد ٢٠٠٨، جودة الحياة الوظيفية، مطبعة العشري، مصر.

٣. جولتان حسن (٢٠١٣)الفاعلية الذات وعلاقتها بالتوافق المهنى لدى معلماتفى مدارس الحكومية، المجلة الاردنية فى علوم التربوية، مجلد٩

٤. جواد،محمد شيخ و عزيزة عبداللة(٢٠٠٨) الرضا الوظيفى وعلاقتها ببعض المتغيرات الديموجرافية لدى معلمينو مجلة جامعة الاسلامية المجلد سادس عشر-العدد الاول.

٥. الخطيب محمد احمد و حمدحامد(٢٠١١) الاختبارات والمقياس النفسية، دارالحامدللنشروالتوزيع طبعة الاولى عمان.

٦. خليل، عفران ابراهيم(٢٠١١)الجوهروالمظهر وعلاقتها بفاعلية الذات والتحليل الدراسى لدى طلبة المرحلة الاعدادية، مجلة كلية التربية الاساسية مجلد ١١ العدد٤

٧. الزايد، عبدالله ٢٠٠٥: بيئة العمل و علاقتها بالرضا الوظيفي دار القلم، رسالة منشورة، قسم العلوم الادارية، جامعة نايف العربية الرياض.

٨. الشريدة،هيام نجيب(٢٠٠٢)بعض العوامل المؤثرة فى مستوى الرضا لدى اعضاء هيئة التدريس فى جامعة يرموك،مجلة جامعة ام القرى للعلوم التربوية،مجلد الرابع عشر،العدد الثانى.

٩. الشاجعى، طلال (١٩٩٦)الرضا الوظيفي لدى شاغلى الوظائف التعليمية بمدارس التعليم العام الثانوي للبنين (الحكومة و الأهلية) بمدينة جدة، رسالة ماجستير غير منشورة كلية التربية، جامعة أم القرى.

١٠. الصيرفى،محمحد(٢٠٠٧)،السلوك الادارى والعلاقات الانسانية، دارالوفاء للطباعة والنشر،الاسكندرية

١١. عاشور،أحمد صقر ،(١٩٨٣) ادارة الموارد البشرية العامة، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية،

١٢. عبدالخالق، ناصف(١٩٨٦)، بحوث السلوك التنظيمي في البلاد العربية، الكويت.

١٣. عثمان، داليا هاشم( ٢٠١٤،) ثةيوةندى ريَطاكانى وانةوتنةوةى بةكارهاتوو لاى مامؤستايانى زانكؤ بة خودكاراييان دةستكةوتى خويَندكارانى زانكؤى كؤية – نامةى ماستةر.

١٤. عباس، سهية محمد(١٩٩٩)ادارة موارد البشرية، دارالوائل للنشروالتوزيع، طبعةالاولى، عمان

١٥. عبدالخالق،ناصف(١٩٨٦) الرضا الوظيفى واثرة على انتاجية العمل، المجلة العربية للادارة مجلد ٦

١٦. فوزى العكش واحمد حسين(٢٠٠٨)الرضا الوظيفى لدى اعضاء هيئة التدريسى فى جامعات خاصة والحكومية فى الاردن، المنارة،المجلد ١٤، العدد١

١٧. فوزية بنت سعد (٢٠١٢)الرضاالوظيفى وعلاقتة بالانتاجية العلمية لدى عضوات هيئة التدريس بجامعة طيبة، قسم علم النفس التربوى- جامعة طيبة.

١٨. محمد الصيرفى،(٢٠٠٧) السلوك الإدارى و العلاقات الإنسانية، دار الوفاء للطباعة و النشرة، الأسكندرية

١٩. المصري، نيفين( ٢٠١١ )قلق المستقبل و علاقته بكل من فاعلية ذات و مستوى الطموح الأكاديمي لدى عينه من طلبه جامعة الأزهر بغزة، قسم علم نفس كلية التربية، جامعة الأزهر-بغزة.

٢٠- Baumeister, R.E.(1993). Self esteem; the puzzle of low self-regerd newyork,plenum press.

٢١ Cynthia and Bobki 1994. Self efficacy bliefs comparison of five measures, journal of applied psychology. Vol69

٢٢ bandora 1997 self-efficacy,toward eunifing theory of behavioral change.psycholoist.

**زانکۆی کۆیە - فاکەڵتی پەروەردە**

**وەرگرتنی ڕای شارەزایان بۆ پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی**

**ڕاپرسی شارەزایان**

**بەڕێز توێژەر بە نیازن توێژینەوەیەك ئەنجام بدەن لە ژێر ناونیشانی ( ڕەزامەندی پیشەیی لای مامۆستایانی زانکۆی کۆیە و پەیوەندی بە خودکاراییان) بۆ ئەم مەبەستە پێوانەکە لە ( ٧٢ ) بڕگە پێك هاتوە بەرامبەر هەر بڕگەیەك ( ٥ ) هەڵبژاردن هەیە بریتین لە ( هیچ کات نامەوێ ، نازانم ، ناڕازیم ، ڕازیم ، زۆر ڕازیم ) بە دانانی نمرەی ( ١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ) بە زنجیرەیی، داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە ڕاو بۆچونی خۆت دەربڕی سەبارەت بە گونجاوی و نەگونجاوی بڕگەکانی پێوانەکە، ئەگەر بەڕێزتان پێشنیاری بڕگەی تازە یان هەر گۆڕانکاریەك دەکەن ئەوا لە شوێنی دیاری کراو ئاماژەی پێبکەن، سوپاس بۆ هاوکاریتان.**

**ناوی سیانی:**

**نازنازە زانستی:**

**پسپۆری:**

**شوێنی کارکردن:**

**زانکۆی کۆیە**

**فاکەڵتی پەروەردە**

**پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی**

**مامۆستای ئازیز.......**

**توێژەر توێژینەوەیەك ئەنجام دەدات لە ژێر ناونیشانی ( ڕەزامەندی پیشەیی لای مامۆستایانی زانکۆی کۆیە و پەیوەندی بە خودکاراییان).**

**ئەو پێوەرەی لەبەر دەستتدایە پێوەری ( ڕەزامەندی پیشەیی)یە توێژەر داوای هاوکاری لە بەڕێزتان دەکەن بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجی توێژینەوەکەی ئەوەش لە ڕێگای خوێندنەوەی وورد و تەواوی هەر بڕگەیەکی پێوەرەکە و دانانی نیشانەی گونجاو لە خانەکان دەبێت وە پێنج هەڵبژاردنت لەبەر دەمدایە کە ئەمانەن ( هیچ کات نامەوێ ، نازانم ، ناڕازیم ، ڕازیم ، زۆر ڕازیم ) کە بەرامبەر هەر یەك لە بڕگەکان دانراوە.**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**هاوکاریتان جێگای ڕێزە**

**فاکەلتی:**

**بەش:**

**ڕەگە**

**پێوەری ڕەزامەندی پیشەیی**

| | ڕستە | هیچ کات نامەوێ | نا مەوێ | نازا نم | ڕاز یم | زۆر ڕازیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کارەکەت چەندە هەلت بۆ دەڕەخسێنێ یەك لە دوای یەك لە ئەنجامی کارەکانت بگەیت. | | | | | |
| | ئەو تواناییانەی بۆت ڕەخساوە تا ئەو شتانەی پەیوەستن بە کارەکەتەوە ئەنجامی بدەیت. | | | | | |
| | هەست کردنت بە ڕێزی خۆت لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانت. | | | | | |
| | تێربوونی پێویستیە کەسیەکانت لە مەودای کارکردنت دا. | | | | | |
| | تا چەند کارەکەت کاتی تەواوی بۆ ڕەخساندوی تاکو بە لێهاتوویی ئەنجامی بدەی؟ | | | | | |
| | ئەو کاردانەوە هەستی پێ دەکەی لە کاتی کارکردنتدا کە لە لایەن سەرۆکەکانت یان ئەو ڕێخراوەی کاری تێدا دەکەیت دەردەچێت؟ | | | | | |
| | هەستت بە ڕێزی هاوڕێکانت دەکەی کاتی ڕاپەڕاندنی کارەکەت بە جۆرێکی باش. | | | | | |
| | ئەو ستایشەی لە بەرامبەر کاری باش دا وەری دەگریت. | | | | | |
| | هەست دەکەی گەڕانەوەی ووزەی ( جەسەدی و هۆشەکی ) کە لە کاردا هەولی بۆ دەدەیت و ئەنجامەکەی بۆ تۆیە و بۆ کەسێکی تر نییە. | | | | | |
| | بڕی ئەو کۆشش کردنەی لەسەرت پێویستە لە کاری مامۆستایەتیدا. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کارەکەت چەندە هەلت بۆ دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی نوێکردنەوە و داهێنان بکەیت. | | | | | |
| | سروشتی ئەو کارەی ئەنجامی دەدەی. | | | | | |
| | قەبارەی کارەکەت و بواری گونجانی لەگەلا توانای کەسایەتیت. | | | | | |
| | کارەکەت چەندە بوارت دەدات بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی پلانی کارەکەت هەڵبگری. | | | | | |
| | کارەکەت چەندە هەلت پێدەدات بۆ ئەوەی بەو شێوەیەی هەڵی دەبژێری ئەنجامی بدەیت؟ | | | | | |
| | لە کارەکەتدا چەند هەلت پێدەدرێ لە تا ئەوەی لە بڕیاردان دا هاوبەشی بکەیت؟ | | | | | |
| | تا چەند ئازادی ڕادەربڕین لە کاردا بۆ گفتوگۆی ئەو کارانەی پەیوەستن بە کاری فەرمانبەریتەوە فەراهەم کراوە؟ | | | | | |
| | بەرپرسیاریەتی سەرپەرشتی کردنی کارەکانی خەڵکی ترت پێ دراوە؟ | | | | | |
| | پێدانی هەلی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی مەعنەوی لە کارەکەت دا. | | | | | |
| | ڕەخساندنی هەلی وەرگرتنی شارەزاییت لە کاردا. | | | | | |
| | ڕەخساندنی هەلی پێدانی  پلەی مادی لە کارەکەتدا. | | | | | |
| | پێدانی هەلی گەشە پێدانی شارەزاییەکەت لە کاردا. | | | | | |
| | ڕوونی مەودای دەرفەتی ئاشکرای جێ بە جێ کردنی و ئامانجەکانی کارەکەت بەلای تۆوە. | | | | | |
| | ئەو ڕێبازەی کە کارگێڕی دەیگرێتە بەر بۆ جێ بەجێ کردنی سیستەم و ڕاپەڕاندنی کارەکانی | | | | | |
| | دەرفەتی تێگەیشتنی لە لایەن سەرۆکەکانە لەکار بێ ئەوەی پشت بە دەسەلاتی یاسایی و فەرمان دان ببەستن. | | | | | |
| | ئەو شێوازەی کە سەرۆك دەیگرێتە بەر لە | | | | | |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چارەسەرکردنی کێشەکانی کار. | | | | | |
| | ئەو شارەزاییەی سەرۆکەکەت لە بڕیاردان دا هەیەتی. | | | | | |
| | ئەو دەسەڵاتانەی لە کارەکەت دا پێت دراوە. | | | | | |
| | شێوازی هاوکاری کردنی سەرۆك لە هەڵوێستی کارە گرانەکانت دا. | | | | | |
| | شێوازی ڕاهینانی سەرۆکەکەت بۆ ئەوەی لە شوێنی کارەکان دا سەرۆکایەتی بکات. | | | | | |
| | شێوازی هەڵسەنگاندن بۆ کاروباری وەزیفەت. | | | | | |
| | تا چەند سەرپەرشتیارەکەت دەرفەتت دەداتێ بۆ چونی تایبەتی خۆت دەربارەی کارەکەت دەربڕی. | | | | | |
| | تا چەند هۆکارەکانی یارمەتی دان بۆ پرۆسەی فێرکردن و توانای بەکارهێنانی دەستەبەر دەکرێت؟ | | | | | |
| | تا چەند ئەو موچەیەی وەری دەگریت بەشت دەکات؟ | | | | | |
| | تا چەند ئەو موچەیەی دەستت دەکەوێت لەگەلا پسپۆری و ئەو کارانەی پێت سپێردراوە گونجاوە؟ | | | | | |
| | تا چەند کارەکەت ئەو دەرفەتەی پێداویت کە خەڵکی تر ڕێزت لێ بگرن؟ | | | | | |
| | دیدی کۆمەڵگا بۆ پیشەکەت چۆنە؟ | | | | | |
| | کارەکەت چەندە کەسایەتی بەناوبانگی پێ ناساندوی و هاوڕێیەتیت بۆ پەیدا دەکات؟ | | | | | |
| | ئەو ناوبانگ و شانازیەی کە خێزانەکەت لەو لە کارەکەی تۆ دەستیان دەکەوێت؟ | | | | | |
| | تا چەند کارەکەت کاتت پێدەدات بۆ ئەوەی خۆت بۆ خێزانەکەت تەرخان بکەیت؟ | | | | | |
| | خزمەت گوزاری و تەندروستی و | | | | | |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | چارەسەرکردنی ( بێ بەرامبەرە یان داشکاوە) کە کارەکەت بۆت دەرەخسێنێ؟ | |
| | | | | | کارەکەت چە بیمەیەك بۆ دوارۆژ دابین دەکات؟ | |
| | | | | | کاری گواستنەوە و پابەند بوون لە کارەکەت دا. | |
| | | | | | پەیوەندی نێوان تۆ و بەرپرسەکانت | |
| | | | | | تا چەند بیر و باوەڕی کۆمەلایەتی لای ئەندامانی کۆمەڵە و حەز نەکردن بە دوورە پەرێزی دەستەبەر دەکرێ؟ | |
| | | | | | ڕاژەی ئەو هاوکاریانەی لە کاتی پێویست دا لە هاوڕێکانتەوە لە کاتی پێویست پێشکەشت دەکرێ؟ | |
| | | | | | بۆچونی خوێندکارەکان لە ڕووی پرۆسەی فێرکردنەوە. | |
| | | | | | ڕەفتاری گشتی خوێندکارەکان لە ناو زانکۆدا. | |
| | | | | | بە گشتی ئاستی بە دەست هێنانی تونای زانستی خوێندکارەکان؟ | |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**پێوەری خودکارایی**

**مامۆستای ئازیز.......**

**توێژەر توێژینەوەیەك ئەنجام دەدات لە ژێر ناونیشانی ( ڕەزامەندی پیشەیی لای مامۆستایانی زانکۆی کۆیە و پەیوەندی بە خودکارابیان).**

**ئەو پێوەرەی لەبەر دەستتدایە پێوەری ( خودکارایی )یە توێژەر داوای هاوکاری لە بەڕێزتان دەکەن بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجی توێژینەوەکەی ئەوەش لە ڕێگای خوێندنەوەی وورد و تەواوی هەر بڕگەیەکی پێوەرەکە و دانانی نیشانەی گونجاو لە خانەکان دەبێت وە پێنج هەڵبژاردنت لەبەر دەمدایە کە ئەمانەن ( هەمووکات – زۆربەی جار – هەندی جار – زۆربەکەمی - بەدەگمەن ) کە بەرامبەر هەر یەك لە بڕگەکان دانراوە.**

**هاوکاریتان جێگای ڕێزە**

**فاکەلتی:**

**بەش:**

**ڕەگە**

**پێوەری خودکارایی**

| ژ | برگەکان | هەمووکات | زۆربەی کات | هەندی جار | زۆربەکەمی | بەدەگمەن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەتوانم کۆنترۆلی هەستەکانم بکەم | | | | | |
| ٢ | باوەرم وایە کەسیکی لیهاتووکارام | | | | | |
| ٣ | لەوباوەرەدام من کەسیکی زیرەکم | | | | | |
| ٤ | دەتوانم ئەوپلانانە جیبەجیبکەم کەدایان بریژم بۆئەنجامدانی کاریك | | | | | |
| ٥ | لەکاتی ئامادەکردنی وانەکان توشی گرفت دەبم | | | | | |
| ٦ | لەنیومامۆستایان بەوەناسراوم کەکەسیکی سەرنەکەوتووم لەئەرکی مامۆستایەتیم | | | | | |
| ٧ | دوای جەندجارهەولدان ئامانجەکانم بەدی دەهینم | | | | | |
| ٨ | لەتوانامداهەیە دەوروبەرم بەسەرنجەکانم رازی بکەم | | | | | |
| ٩ | لەبریاردانی دروست توشی کیشەوگرفت دەبمەوە | | | | | |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | پیم وایە سەرکەوتن لەزانکۆ واتای سەرکەوتن نیە لەژیان | | | | | |
| ١١ | لەکاتی تورەبوندا ناتوانم رەفتارەکانم کۆنترۆل بکەم | | | | | |
| ١٢ | لەدروستکردنی پەیوەندی هاورییەتی لەگەل مامۆستاکانی تردا توشی گرفت دەبمەوە | | | | | |
| ١٣ | یەکەبەیەکە کارەکانی زانکۆیم بەباشی بەجیدەهینم | | | | | |
| ١٤ | پیداگری وئیرادەی بەهیزترم هەیە لەچاو زۆربەی هاوریکانم لەزانکۆ | | | | | |
| ١٥ | لەکاتی مامەلەکردم لەگەل هاوریکانم لەزانکۆ دەبینم بەهەندم وەرناگرن | | | | | |
| ١٦ | ئەوشتانەم بەدلەکە بەتیگەیشتنەوە کاری لەسەردەکەم | | | | | |
| ١٧ | کەتوشی دلەراوکی دەبم دەتوانم کۆنترۆلی هەستەکانم بکەم | | | | | |
| ١٨ | بەشیوەیەکی کارا چارەسەردەدۆزمەوە بۆ هەموو کیشەیەك کەروبەروم دەبیتەوە | | | | | |
| ١٩ | دەوروبەر لەسەر ئەوبنەمایە مامەلەم لەگەل دەکەن کە من لەمامۆستا چالاکەکانم | | | | | |
| ٢٠ | توانای خویندنەوەی پەرتوك و بابەتی زانستی ترم هەیە | | | | | |
| ٢١ | دەتوانم بەباشی مامەلە لەگەل ئەوفشارانەدا بکەم کەلەزانکۆ روبەروم دەبنەوە | | | | | |
| ٢٢ | لەکاتەی کەکیشەی نوی روبەروم دەبیتەوە دەزانم چۆن مامەلەی لەگەلدا بکەم | | | | | |
| ٢٣ | من کەسیکی ئارام و لەسەرخۆم | | | | | |
| ٢٤ | سەرنەکەوتن واملیدەکات کەهەست بەماندووبون بکەم و هەلدەم باشتر کاربکەم | | | | | |
| ٢٥ | هاوریکانم متمانەیان بەتواناکانم هەیە | | | | | |
| ٢٦ | ئاستیکی باشم هەیە لەهیزوخۆراگرتن | | | | | |
| ٢٧ | دەتوانم پلان دابنیم بۆ هەلبژاردنی ئەو | | | | | |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | وانەیەی کەنزیکە لەتواناکانم | | | | | |
| ٢٨ | توانای لیبوردەیم زۆرە بەرامبەر بەوکەسانەی کە خراپەم لەگەل دەکەن | | | | | |
| ٢٩ | توانای سەبرگرتن وبەرگەگرتنم هەیە لەروبەروبونەوەی کیشەکان | | | | | |
| ٣٠ | وەك پیویست خۆم ماندوبکەم دەتوانم کیشە قورسەکان چارەسەربکەم | | | | | |

**الرضا الوظيفي لدى تدريسى جامعة كويه و علاقته بفاعلية الذات:**

**م.ی. بهات عبدالرزاق سعيد**

**جامعة كويه**

**فاكاتي التربية**

**ملخص البحث**

إن عملية التدريس يتوقف علي امكانية المدرس وقدرته على التدريس، وأي ضعف سواء أكان في الجانب التربوي أو النفسي سينعكس سلبا على عملية التدريس برمتها .الهدف الأساس من هذا يعتمد علي اطلاع الباحث على مدى رضى الوضيفي لدى تدريسي جامعة كوية وعلاقة فاعلية الذاتية.

اعتمد الباحث على المنهج الوصفي لتحقيق أهداف الموسومة لهذا لبحث ،واختار الباحث النماذج من مجموعة من التدريسي جامعة كوية ، وهم (٥٠) مدرسا، فقد تم التوصيل الي مجموعة النتائج منها أن الرضي المدرسين عن مهنتهم ذات دلالة أحصائية بينما مستوى الفاعلية الذاتية غير دالة ألحصائياً أن العلاقة التي تربط بين الفاعلية الذاتية للمدرسين و رضاهم عن مهنتهم علاقة الضعيفة. يقترح الباحث أجراء دراسة مشابهة بحسب سنوات الخدمة واسعة من المدرسين ومن جامعات أخرى.

وقد توصل الباحث إلى مجموعة من النتائج ، منها أن رضى المدرسين عن مهنتهم دلائل احصائية ، بينما مستوى الفاعلية الذاتية دلائل غير احصائية ، وأن العلاقة التي تربط بين الفاعلية الذاتية للمدرسين ورضاهم عن مهنتهم علاقة ضعيفة ، ويقترح الباحث اجراء بحث مشابه بحسب سنوات الخدمة على مجموعة واسعة من المدرسين ومن جامعات أخرى .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## Job satisfaction with KAU professors and its relationship to self efficacy:

The teaching process requires the ability of the teacher in his work . any weakness, whether in the educational or psychological aspect will negatively affect the whole process of teaching. The main perpose of this research is to inform the teachers on the satisfaction of their teaching profession and their effectiveness in teaching performance and the relationship between the two cases .

The research was based on a descriptive method to detecting the variables. The researcher chose the models of (50) person of Koya University's academic staff.

The researcher found a range of results, including that the satisfaction of the teachers with their profession statistical evidence, while the level of self-efficacy indicators are not statistical, and that the relationship between self-efficacy of teachers and satisfaction with their profession is a weak relationship. The researcher suggests to conduct a similar research according to the years of service on a wide range Teachers and in other universities.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)